Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بێست ستارت فوودس

**بێست ستارت فوودس چییە؟**

بێست ستارت فوودس Best Start Foods بڕە پارەیەکە هەر هەفتە جارێک دەدرێت بۆ یارمەتیدانی ئەو خێزانانەی کە منداڵی ورد (بچووک) یان کۆرپەیەکیان بەڕێوەیە سەبارەت بە تێچووەکانی خۆراکی تەندروست.

**کێ ئەوە وەردەگرێت؟**

بێست ستارت فوودس بۆ ئەو دایکوباوک و سەرپەرشتیارانەیە کە لە سکۆتلەند دەژین. ئەوە لەماوەی دووگیانیدا و هەتا منداڵێک تەمەنی دەبێت بە 3 ساڵ دەدرێت بەگوێرەی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

**ئەگەر تەمەنت 18 ساڵ یان زیاترە و خۆت یان هاوسەرەکەت یەکێک لەم دەستگیرۆیی (بەنەفێت) انەی خوارەوە وەردەگرن:**

- یونیڤێرسەڵ کریدت
- دەستگیرۆیی خانووبەرە (هاوسینگ بەنەفێت)
- پشتگیری دەرامەت
- پارەی خانەنشینی
- دەرماڵەی کاردۆزینەوە لەسەر بنچینەی دەرامەت JSA (income-based Jobseeker Allowance)
- دەرماڵەی کاردۆزینەوە و پشتگیری پەیوەندیدار بە دەرامەت (ESA)

**ئەگەر تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە:**

تۆ پێویستیت بەوە نییە کە یەکێک لەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انە وەربگریت کە پێویستن بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان 18 ساڵ و زیاترە. تۆ دەتوانیت بێست ستارت فوودس وەربگریت ئەگەر دووگیان بیت یان منداڵێکی خوار تەمەنی 3 ساڵت هەبێت بەبێ گوێدان بە دەرامەتت. تۆ هەروەها دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت ئەگەر ئەوەی دووگیانە هاوسەرەکەت بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو 18 ساڵ یان زیاتریش بێت.

**ئەگەر تەمەنت 18 ساڵ یان 19 ساڵە، تۆ پێویستیت بە یەکێک لەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انە نییە ئەگەر دایکوباوک یان سەرپەرشتیارەکەت یەکێک لەم دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انە بۆ تۆ وەربگرێت:**

- چایەڵد بەنەفێت
- پێکهاتەی منداڵ لە یونیڤێرسەڵ کریدت
- زیادکردنی منداڵ بۆ پێنشن کریدت

**ئەگەر تۆ چاودێری کەسێک دەکەیت کە دووگیانە و تەمەنی 18 ساڵ یان 19 ساڵە، تۆ هەروەها شیاو دەبیت ئەگەر تۆ یەکێک لەو دەستگیرۆیی (بەنەفێت)انە کە لە خوارەوە بەڕیز نوسراون بۆ ئەو وەربگریت:**

- چایەڵد بەنەفێت
- پێکهاتەی منداڵ لە یونیڤێرسەڵ کریدت
- زیادکردنی منداڵ بۆ پێنشن کریدت

**ئایا چەند منداڵ لە هەر یەک لە خێزانەکاندا دەتوانن بڕە پارەکە وەربگرن؟**

کاتێک کە دووگیانیت تۆ بۆ دووگیانییەکە پارەت دەدرێتێ، ئیتر ئەوە دووگیانییەکی تاک یان دوانە و زیاتر بێت. یەکسەر دوای ئەوەی کە منداڵەکان لەدایک بوون، ئەوە بەگوێرەی ژمارەی منداڵەکان دەدرێت و هیچ سنوردارییەک نییە سەبارەت بەوەی کە چەند منداڵ دەتوانن بڕە پارەکە وەربگرن.

**ئەوە چۆن دەدرێت و من بڕی چەندە وەردەگرم؟**

پارەپێدانەکان پشت بەوە دەبەستن کە لە مانگی چەندەهەمی دووگیانییەکەتدایت و منالّەکەت تەمەنی چەندە.

ئەوە هەر چوار هەفتە جارێک دەدرێت و دەخرێتە سەر کارتێکی پێشوەختەی چیپ و پین. بڕەکە 21.60 پاوەنە هەر چوار هەفتە جارێک دەدرێت لەماوەی دووگیانیدا بۆ هەر منالّێک کە تەمەنی لەنێوان 1 و 3 سالّدایە. ئەو پارەپێدانە زیاد دەبێت بۆ 43.20 بۆ هەر منالّێک کە تەمەنی لە 1 سالّ کەمتر بێت.

**ئایا من دەتوانم چ شتێک بە کارتەکەم بکڕم؟**

کارتەکە دەتوانرێت بۆ کڕینی شیر و خۆراکی تەندروست بەکار بهێنرێت لەنێوانیاندا هێلکە، میوە، سەوزە و پاقلەمەنی.

Iئەوە هەروەها دەتوانرێت بۆ کڕینی شیری قوتووی یەکەمی کۆرپەی ساوا بەکار بهێنرێت.

**لەکوێ دەتوانم کارتەکە بەکار بهێنم؟**

کارتەکانی بێست ستارت فوودس لە هەموو سوپەرمارکێتە سەرەکییەکان پەسەند دەکرێن لەنێوانیاندا ئاسدا، تێسکۆ، مۆریسنس، ئالّدی، لیدلّ و ئایسلەند. ئەوە هەروەها لە کۆگای بچووکی گەڕەکەکاندا لە سەرتاسەری سکۆتلەنددا پەسەند دەکرێت لەنێوانیاندا سپار، کی ستۆر و پریمێر.

ئەگەر دلّنیا نەبوویت، لە تاکفرۆش یان دوکانداری ناوچەکەت بپرسە.

**چۆن دەزانم بەلّانسەکەم چەندە؟**

دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت سەیری بەلّانسەکەت بکەیت لە www.allpayprepaid.net، لە کاشپۆینت یان لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بۆ ئۆلّ پەی بە ژمارە 1687 196 0808.

**چۆن داوا پێشکەش دەکەیت؟**

دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەیت لە **mygov.scot**، لەڕێگەی هێلّی یارمەتی تەلەفونی بێ بەرامبەری ئێمەوە **2222 182 0800** یان بە پۆست. تۆ هەروەها دەتوانیت کۆبوونەوەیەکی ڕووبەڕوو لەگەلّ ڕاوێژکارێکی نەفەر ساز بکەیت لە کات و شوێنێکدا کە بۆ تۆ لەبار بێت.

**ئایا چ بەلّگەیەک داوا دەکرێت؟**

زۆربەی خەلّک دەتوانن بەبێ ناردنی هیچ بەلّگەیەک داوا پێشکەش بکەن. ئەگەر ئێمە پێویستیمان بەوە بێت کە لەلای HMRC (دەرامەت و باجی خاوەنشکۆ) یان بەشی کارو خانەنشینیی زانیارییەکان پشتڕاست بکەینەوە، ئێمە بەو کارە هەلّدەستین.

**ئایا ئەوە کاریگەری لەسەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ی دیکە دادەنێت؟**

نەخێر. بێست ستارت فوودس وەک بەشێک لە هەلّسەنگاندنی هیچ دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ێکی تر ئەژمێر ناکرێت.

**خەلّک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 2222 182 0800

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 4000 244 0300 + 18001 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot